# دیوانی مەعدووم

## (مەولەوی کورد)

مەهدی سەنەندەجی (هەوار)

هەولێر - ٢٠١٣

دیاریی ئەکادیمیای کوردی

کتێبخانەی
محەمەد عەلی قەرەداغی
مێژوو:

# دیوانی مەعدووم

## (مەولەوی کورد)

مەهدی سەنەندەجی (هەوار)

هەولێر - ٢٠١٣

* ناوی کتێب: دیوانی مەعدووم (مەولەوی کورد)
*ناردن و وەژاردنی: مەهدی سەنەندەجی (هەوار)
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود .
*پیتچنین و نەخشەسازی: مەحیەدین کەریمیان، سومەیە پەرویزی، سەیران (سەمەن) پەرویزی
* پێداچوونەوە بە نەخشەسازیدا: ڕزگار موحسین
* بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ( ٢٢٧ ).
* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
* تیراژ: ٥٠٠ دانە.
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( ٧٦٠ )ی ساڵی ٢٠١٣ی پێدراوە.

## دەسپێک

**سیوای تۆ ئازیز جەی زەمانــەدا**
**کێن گوزەر کــەرۆ وەی وێرانــەدا**

لـە بازنـەی ئـەم ڕاس نەگەڕانـەدا و پـەنای ئـەم نەسانەوەیەدا و ئـەو هەڵـبەز و لـێ دابـەزە نەپسـاوەیە و ئـەم ناوەنـدە بـێ پابەنـدەدا، تـەزی دەربـاز نـەبوون و دەردی بـێ دەرەتانمـان کـام بـەرزایی لـە یـادانی نەبەزانـدووە و هێلانـەی خەیاڵانی نەهەژاندووە؟

ژیانـەوە و کوژیانـەوە لـەم تاریـک و ڕوونـە گـرژە و تێکـەوتن و لێکەوتنـەوە لـەم بـێ سـەر و بنـە هلۆڵـە و هەسـتانەوە و وەسـتانەوە لـەم هەلۆرکـە گەڕۆڵـەیە و خولخـواردن و خـۆڵ خواردنـەوە ڤـێ مۆڵـگە قـووڵ و قووتەیـە، بیری کێی لە ڕێ نەبریە و ئاوەزی لێ نەبێزاوە؟

لـەی گۆشـەی خۆشـی پۆشـەی ئـەم هەراسـەرایەدا، ئەنجامـەکان کـە مایـەی ناکامییان لایـە و بـە بـای نـەبان کایـە بـەم بـێ پایـە دەکـەن، لـە دوو تـای بـوون و نەبوونـدا بـۆ کۆنەشـۆنیان ون نـەکرد، یـان لـە تـەک یـەکتردا نـەگووران؟ هۆنینـەوەی ئـەم دووتایـە هاومەودایـە و وێـک هێنـانی سـەرەتایان، لـە تـەونی ئاڵـۆزی بـیردا چۆنـاوچۆنی پینـە دەکـرێن؟ ئـەو مـرازە بـێ پـارێزە پـەرەوازەش، لـە تـەرازووی ئـامراز ڕزاوی ئـەو هـزرە لـە خـۆ بزرەیـە، چـۆن بـۆی دەبـێ جووڵە نەکا و جۆلانە کا؟

هـۆ کۆڵـەواری کۆنـەلان! ئـەی خێـز بەسـتەی نێـو کـزان! لـەم تەنگەلانـەی نیشتمان، هەتا کەی کوناوکون خزان؟

تا کەی وەک پردێک لە نێوان دوودا
هەر دوور بدووری لە بوونی چووندا

ئـاخۆ هـەزارە لـەم ڕازانـە و وەی پـاداوەی هەزارچاڵـە و ئـەم هـەموو خـووی لەدووچوونـە، بازرەبوونمـان لـەو زرەبوونەیـە زەق ناکـا کـە نەبوونـەوەی لـێ یەق کا؟ جا بـاری بـوونی ئـەم بوونـە و خاڵـی چـوونی ئـەو سـەرچوونە، چـی لـە دوویـە؟ مـەر کاروانـەی ڕەسـین تـا ڕزیـن، لـە پاوانـەی سـێ پاڵانـەی مـەیین و

گەیین و گەنیندا لەو زەمانە زەمین گیرە، نموونەی کارنامەی بوون نین کە بوونەبار و چوونەسەر ئەم پێوانە پڕلەبانە، لەو دژکۆشگەی بەخۆگەشەی ئەو دیوی ئەم دیوەڕەشا کە کێش و سەنگی هەتایی و لێ داکێشانی شێنەیە، ئەم سواژەی لە پاژە پاژی کاژی ژین کردە پوازی خواز و وازان؟

نا؛ ئاوەزە لاوازەکەم! بڕوانە چۆن پێچەوانەی ئەو ڕەتە دڵ تێ ڕەتاوە و لێ هەترە بوونی هەتایە، ڕیشە و ئاژۆی ئەو گشت ئێشە ئاریشەیە و دزەی بارانی ئازار و شۆی هەزار وەزەنی نەزانراو لە لاشەی گرژ و ئاژینی فەیلەسووفی بەردین دەردمان، لە زێباری زێڵ و زەینی و لە چاوانەی پڕ ئێکسیری زاوەتەوە و چوون ڕۆبارێکی داگەڕاو تژی لە هێمی گەوهەرین نیشانی گەشانی هەمیشە و ڕوان لە زێدی ڕووتەنی لە ئامێزە، پێشی ناوە و تەیسانەوەی تیشکی کاوی هەڵگرساوی لە سیسانی سالامەدا و تەقینەوەی قوڵەی قووڵی ئەوینمەندی لە ئەزموونی هەزار تەرز و زوو گەیشتی بەرزان وەرزا و هورووژمی ڕێژاوی شۆری لە سۆسی نزمینان مەرزا، لێزماوی مزگێنی ڕاژاند:

هاژەی تاف ساف شەتاوگەی

سوب مەیۆ نە گۆش هۆش ئازادی

دا دانەوە و وا بنواڕە، بیری دەرگیر و ویستی دڵگیری ئەم پیرە فەرزانەیە و بیمی وەران و نەهەوان لە ساپیتەی ئارمانیدا و ولە و گلەی گەڕی گەردوون لە ڕوون نەبوونی چوونیدا و ساتمە وگلان بە سەریدا، چۆن ڕێی دەگرێ بە گژ خۆمەشینی هۆشدا بدا و هۆکارەی ئەو خۆکارەی نەکا تا هەوێنی گرسانی بیر، ئەوینی هۆنەری یەکتا و گەیین بە دووتای هەستی بێ و ئاواتی هەتاییشی هۆنرانەوە و ویک هاتنەوە لە هەوارگەی ئازادی بێ. بۆیە لە واری هاماری ئەم هەستیارە لێ ڕاماوە کە کەوشەنی ڕەشی خۆشی بە کەوشیوان دەڕەوشێنێ و نیشانی ڕەوشەنی گەشی بە خۆخامۆشان دەنوێنێ، گەر هۆش بۆ خامۆشی شۆر، باری خۆی لێ بە سەر ناوین، یان لە تاپۆی خاپێنۆکی، تانوپۆی لێ داپۆشیوین، خۆری گەشێنەوەی شێوان بێ لێ بڕان و کەم گڕان، لە هەواری پێواری دڵ، ڕوو لە ئەنگووت و پشکووتە و لەبۆ نەکوژانەوەی کۆران، خۆ مژۆلی بڕژان ئەکا.

ئـەم فەیلسـووفە نـەبوون کۆڵـە و گۆزانـەوە دۆزە کـە گـەوزان و پەژمـەرانی نـاوانی ژیـن بـە نـەمانی دەناسـێنێ و مـانی لـێ هەڵـدەگرێتەوە، کەلکەلـەی کەڵـەک بەستووی دڵـگیرانی پـێ لا دەبـا و بـەم دەستوورەی سەرانسـەری ئـەو سـنوورە ڕوونـاک دەکـا و تـێ گواسـتنەوەی هـەموار دەکـا تـا تـۆی پـەنگاوی بوونـایی بـە پـەرژینی خـۆ دەرزانـدن لـە بـەرایی ئازادیـدا گوڵـۆک بکـا و لـک و گرێـی تەنگایـەکان لێـک بـەر بـدا و بـۆن و هۆنـەی هەڵـدانەوە لـە کـاد و وەرزی نەماندا شنان بکا و بەری ڕەنگامەیان مەیێ.

جـا، گـەر ئـەم بـیر هەڵـگۆزانە لـە دەروونی تیشـک نـەدیو و مێشـکی باوێشـک پێـو و خۆهەڵکێشـی بیرهوڵـۆلان و دڵ کـۆران کـە لـە دالـەقاوی دوا و نـوا چـی دەچۆڕێ نەکەوتـە گـەڕ گـران مەبـە و خـۆ لـە داوی ئـەو ئەوینـە کـە ناوەی بوون و مەیینە باوێ.

لــە ڕاسـتیدا، شـیعری سەرانشـین و دەر لـە دەوری ئـەم دەلیلـە دەروون ڕوونـە و پـەیامی پـەیا و پـەنامی لـە پەیمانـەی ئـەم بەنـدە لـە مـەیل کەیلانـە، هـەر دەم، ئـەنگارەی خـەم و پـەژارە و حـەز و تـەزی دڵ ئـاواران و ئـاگری داگـری بـێ داخـان و شـنەی فێنکـی پـڕداخان و ڕێبـوارانی هـەواری دڵ و بـە ئاواتـەوە داتەکاوانـە و ئـەوە شـیعری مەعـدوومی نـەمر، ئـەو پارسـایە سـەرئازایە، ئـەو دڵ ئـــاگرین و جـــەرگ جخارینـــە، ئـــەو ســـکڵ ســـکالای دڵ گەشـــێنە و سەرسـەراوەی تینـوو ژێنـەن کـە بەرهـەمی تێگـەڕانی گیـانێکی پاڵـێوراو لـە سروشـتی سـەیری نیشـتمانن و لـە هـەورازی خـۆ نەویسـتن و خـۆش ویسـتن و بنـاری تاوانـەوە لـە تـاو و حاوانـەوە لـە هەسـت و خـەیاڵ و گەڕانـەوە بـە نـاو نـاوەوە هـاتوون و ڕەنگـی لێلـی وگـەردی گومـان ڕادەماڵـن و خواسـتە باڵاکـانی مرۆڤـایەتی تـێ خۆیـا دەکـەن و تـا هەتایـە وەک ئاوێنـەی خـاوێنی فەرهـەنگ و ئەندێشـە، ئاهـەنگ و ڕەنگـی هەمیشـەی ئـەم گەلـە ڕیشـەدارە دەمێننەوە و هەستی تازە و خۆی ڕەسەنی خۆ ڕادەنێن.

***

گەر گەڕێمەوە سەر گەڕانی ڕۆژگار و وەهەنگاوتنی ئەو ڕێگایە، زۆر دەمێکە بە نیازی کۆکردنەوەی نوسخەیلی کۆگرەوە لە مەولەوی، شاعیر و هۆزانی مەزنی کورد بووگم، کەچی هەرچی چووە تاپۆی ئەو ئارەزووەم لێ دوور بۆتەوە و پەژیوانیم لێ چێژاوە؛ دیارە ئەمەش بۆ خۆی هەڵگری هەندێک گرفت و نەهامەتیە کە وەک زۆرێکی لەم جۆرەیە، کەم تا کورت هەموومانی پێ ئاشناین و بە داخەوە لێی ڕاهاتووین. هەرچەند بێ هیچ شکانەوە یا شەکانەوەیەک خۆم و حاڵم لە ئاست ئەو هەموو هەستە هۆشبەرەیە و ئەو ڕەنجە سەنگینەیە کە لە شیعرەکاندا گرساون، هەروەها ئەو هیواگەرمە شیوا بێژەیە نابینم و لە ڕاستیدا لەو ئاوێنەیەدا گومەسارم، بەلام بە هۆی زۆری زەمانەوە و کەمی دەربایست بوونی ئەوڕۆی مرۆی کوردەوە، ئەم ئەرکە گرانەم وەخۆگرتووە و بەم چەشنەیە خۆم شەرمەزاری جەنابی مەولەوی کورد کردووە. ڕوونە، دەستکەوتنی کۆی هەڵبەستەکانی مەولەوی و دەستدانی دیوانێکی ڕەسەن و جێ پەسەن، ئاواتی هەمووی هۆگرانی وین. ئەم کرد و کۆشەی منیش لەو بارەوەدایە کە هیوادارم هەر چۆنێک بێ لە ڕاستاندنی ئەم زنجیرە بەرهەمە، بەر بە هەڵەی خەست و بەرچاوی وەها گرتبێ کە خوێنەرانی مەعدووم دۆست و ئەهلی خەمم پێ دلگران بن.

وەزەرە لامان تا زاوە زامان
سەروەزەن هەرس داراوە دامان

هەوار

***

بە پێی ئەو چەندین نوسخە دەستنووسانە کە لە دیوانی مەولەویدا ماونەتەوە، شیعرەکانی، زۆرتر لە هەموو شاعیرێکی دیکەمان بارەوبار بوونەتەوە و گۆڕانیان بە سەردا هاتووە، تا ڕادەیەک کە کەمتر باڵێک (بەیتێک) لە هەڵبەستێکدا هەڵدەکەوێ کە لە هەموو نوسخەکاندا وەک

یەک بێ و جیاوازی دیار و نادیاری لێ بەدی نەکرێ. وەکو پێویستە، هەر کام لەو نوسخانەش، بەو هەموو تایبەتمەندیە جیاوازەوە کە گەنجینەیەکی لە سەنگان نەهاتوو لە فەرهەنگماندان، دەبێ بناسرێنەوە و جێ و شوێنی هەریەک لە ویژەماندا نیشان بکرێ، هەروەها لێیان ڕەوا نەبینرێ کە بە بێ هەڵسەنگاندن و بەراوردێکی هەمە لایەنە بە ترازوویەکی بێ سەنگ کێشانە بکرێن. ئێستە، ئەم نوسخانە بە چەند هۆ کە لەوانەیە تەنانەت خۆشەویستی کەسایەتی و پایەگای شیعرەکان لە وانە بێ، تووشیاری دەستکاری لا بە لا و دەست نەپارێزی زۆری نویسکاران بوونەتەوە کە بۆ خۆ دەرخەری ئەو گۆڕانکاریانەن کە ناشێ لە خودی مەولەوی بزانین و دەس تێوەردانی نویسکارانی شیعربازی تێ بەدی نەکەین؛ دەس تێ بردنێک، کە لە هەموو جۆری وەک، ناسک کاری،کێش و واتا تاشین، نوێ کردنەوە، وشە هۆنینەوە، جێ بە جێ کردن، جیا کردنەوە و ... تێ گونجاوە. لەم لاشەوە ئاشکرایە، شاعیران بە تێپەڕ بوونی کات و دوابەدوا، بارەوبار بوونی هەست و وە بارکەوتنی ئەزموونیان، ئەگەر دەست بدا حەز بە دەستکاری شیعرەکانیان دەکەن تا بە ئەوپەڕی سازان و ڕازانەوەی هونەری وێڕای وێک هاتن لەگەڵ دواحاڵەت و واقیعی دەوروبەریان بگا؛ کەچی ئەم کارە بۆ زۆرێک نەلواوە و بە پێچەوانە دیتوومانە کە هەندێکیان حەز بە مانەوەی ئەو هەستەی وەک دارەت و ئامانەتێک دەکەن و لەو کارە خۆ لا دەدەن. لێرەدایە کە ئەو پێوانەیە کە دەبنە هۆی ناسینەوە و دەرکەوتنی هەندێک تایبەتمەندی لە شیعری شاعیرێکی وەک مەولەوی، لایەنەکانی: ڕەوانی زمان، چۆنیەتی هەست، ئاهەنگی شەنگ، سەنگداریی دەنگ، ڕەنگینی پەیڤ، هێنان و نوانی وێنەی نوێ و ڕازاندنەوە بێوێنە و باری پەرزاندنی وشە و مانا و چاندن و چواندنی هەرکام بێ باز و پسانی چەمک و هێڵی مانا و تەوەرەی ئەدەبی وتنەوە و ... بۆ هێنانە کاری سەنگێک بۆ ئەو شیعرانە کە لێیان دڕدونگین بە کەڵکە.

لە لایەکی دیکەوە، وەک دەڵێن، پشت بەستن بە کۆنترین نوسخە، کەمترین ئاستی هەڵەی بە دواوەیە؛ پرسیار لێرەدایە کە ئەو نوسخەیە دەبێ

کامە بێ؟ ئەگەر لە هەر نوسخەیەکدا دەیان شیعر و هەڵبەست بینینەوە کە لە ئەوانی دیکەدا نەبێ، یان بە چەشنێکی بنەڕەتی چ لە بارەی ساختاری و چ لە بارەی شیعرییەوە جیاوازییان تێ بەدی بکرێ چی؟ ئێستا ئەگەر ڕوونیش بووەوە کە کام نوسخە کۆنترە و کەوتە دەست، دەبێ چ هەڵوێستێک لە هەمبەر ئەوانی دیکەوە بگیردرێ؟ دیارە، هەر یەکە لەو شێوازە جیاوازانە، بۆ لایەنێک دەبن و کۆی لایەنەکان ناگرنەوە و باشترین کار ئەوەیە کە لە هەمووی شیانەکان ـ کە بەرانبەرکردنەوەیە ـ هەڵبگارین.

بۆ نموونە، نوسخەی ش لەم بەرانبەرکردنەوەدا ـ نوسخەیەک کە کەمترین هەندی شیعرەکانی تێدا دەبیندرێتەوە ـ لەوانەیە کۆنترین نوسخە لەوانی دیکەش بێ کەچی ناتوانی جێ ڕوو تێکردن و تێگەڕان بۆ ئەوانی دیکە بێ! ئەم چەشنە هەڵکەوتانە، بەرهەمی وێکەوتنی هۆنینەوەی چەند هەڵبەستێک لە لایەن شاعیرەوەن کە دەست بە دەست دەکرێن و وەک نوسخەیەکی سەربەخۆ و سەرەتاییان لێ دێ؛ واتا، مەرج نیە کە شاعیر کۆی وشەکانی لە کتێبێکدا جێ بکاتەوە و ئەنجا دەست بە بڵاو کردنەوەیان بکا. بە وتەیەکی تر، شاعیرەکان لە درێژایی ژیانیاندا شیعریان هۆنیوەتەوە و بەو چەشنەیە دەور و بەری لێ ئاگا بوون کە ئەمە بۆ خۆی یەکێک لە هۆکانی بە دی هاتنی نوسخە بەدەڵەکانیشە. کەواتە، ئێمە کاتێک کە بە دوای شیعرەکانی شاعیرێکدا دەگەڕێن، بە دووی کۆ و گشتانەی ئەو شیعرانەین کە لە وانەیە چەند نوسخە بگرێتەوە؛ با ئەم لایەنەش، تەواو نەتوانێ مەنتیقێکی گشتگیر و ڕەسا بێ!

ئەو چەند مەبەستە، بە هێنانی چەند نموونەی خوارەوە باشتر پەرداخت دەکرێن:

١. یەکێک لەو بەڵگانە بۆ بەری بوونی مەولەوی لە زۆرێک لەو دەستێوەردانە، دەرکەوتنی هەندێک شیعر بە گۆڕانی یەکجار چاونەگر و کەمەوەن کە لایەنی پرۆپۆزێشن دەگرێنەوە و بە ڕواڵەت گۆڕانیان لە هەر بارێکدا هیچ هۆکارێکی شیعری زیاد

ناکا. ئەم گۆڕانانە لە نوسخەکاندا زۆرترین هەندی بە خۆوە گرتووە.

بۆ وێنە، لە ڕوانگەیەکی دیاکرۆنیکییەوە، زمانی کوردی هەورامی لە هەنبەر مۆرفیمی ڕێزمانی /لە/[1] چەند هاوتای وەک: /نە/، /وە/ و /جە/ ی هەیە کە هەرکام دەتوانێ نوێنەری هەمان مانا و دەوری زمانی بن. (/وە/ دەتوانی هاوتای /بە/ش بێ.) لە نوسخەکاندا دەستکاری لەم چەشنەیە یەکجار فراوانە؛ بۆ وێنە:

هالای سەرمەستەن وە شنۆی ئێلاخ
بۆی نەوپایزش نامان نە دەماخ

«نە» لە نوسخەکاندا گۆڕاوە بە: «وە»، لە نوسخەی مامۆستا مەلا کەریم و «جە»، لە نوسخەی ش دا. ئەم چەشنە گۆڕانە کە لەم یەکە لێمایانە ڕووی داوە ئەو لایەنە دەگرێتەوە؛ هەروەها، چوونکوو ئەم یەکانە لە ڕیزی وشەدا نین و لە بەر چاوی خوێنەردا ناکەون، دیارە لە وەها هەڵکەوتێکیدا نویسکار پەنا بۆ حافیزە و یادی خۆی دەبا. هەرچەندە لە ڕووی شیعریەوە تەنانەت ئەم یەکانەش دەتوانن لە ئاهەنگ و مۆسیقای شیعردا کاریگەر بن. بۆ نموونە، لەو وێنەی سەرەوەدا دەتوانین «نە» بە ڕەوشی ئیجتیهادی جێ بخەین کە لە ڕاستای «نەوای «نەو» و «نامان»دا چینەیەکی مۆسیقایی و هاوچەشن دەبەخشێ کە لە زاراوەدا هاوبێژەی(alliteration) پێ دەگوترێ.

---

١. لە چەند ڕیشەیەکی دیکە و جیاواز لەم زمانەدا، چوار مۆرفیمی /ئەو/ /ئەوە/، /ئەرە/ و /ئەنە/ بۆ ئەم دەور و مانایەش دەڕۆنەکار کە مەولەوی لە دیوانەکەیدا تەنیا جۆری یەکەمی بەکار هێناوە و لە نوسخەکاندا وەک جێگرەوەی ئەوانە خراوەتەکار:

... ئاینەسازیش وست ئەو شەتاوان
... فەڕ وستەن ئەو زێد پای هەرد دوجەیل
... دڵ ئەو شۆن تۆن من وە شۆن دڵ
... ڕوو ئەو یاران بۆ پۆشت ئەو پەناوە

تەنانەت ئەم مۆرفیمە هەندێک جار لەو چینە و پێکهاتە نەحویانەدا دەسوێ و فۆرمی /ئە/ بە خۆ دەگرێ؛ وەک دەمباسی نوسخەی ق لەو لابالەی ژوورەوەدا: «ئاینەسازیش وستە شەتاوان».

٢. دیاردەی دووپات بوونەوە و هەم هاتنەوەی لابال (میسراع)، بال، هەڵبەست و ... لە نوسخەکاندا. لە هەندێک هەڵبەستدا کە لەو چەشنە گۆڕانە دەبینینەوە، ئەگەر هەر شاعیرێک - نە تەنیا مەولەوی - مەجالی خوێندنەوەی هەبووبا، بە بێ شک بەو چەشنەی نەدەهێشتەوە و گومانی لە سەر دەڕەواند. واتا، ئەوەی کە لە هەمبەر لابالی «قافڵەم تا قام قیامەت لەنگەن» کە لە کۆتایی سێ هەڵبەستی «شی ئەو سەفا و سەیر دیدەن جاران»، «هام دەردان ئامان ئەر مەندەن هۆشم» و «خاڵۆی سەردەفتەر نازک خەیالات»دا هاتووە دەبینینەوە، ناتوانێ لە زانایەکی ڕێزەبیژی وەک مەولەوی شاراوە بێ:

.. بویەروون وەر نە ڕای گوزەر تەنگەن
قافڵەم تا قام قیامەت لەنگەن

.. ڕاویار ماتەم گرد دەروون تەنگەن
قافڵەم تا قام قیامەت لەنگەن

.. مایەم نارەواج دەروونم تەنگەن
قافڵەم تا قام قیامەت لەنگەن

یا بالی :

گێج سەرکاوان جە سەردی بین
بۆ مەدان چۆن بۆی بێ وەفایی

کە لە بالی دووەمی دوو شیعری «چوون وەڵگ شادیی من بای دووریی لەیل» و «فەسڵ نەو پاییز تازە کەردەن مەیل» دووپات بوەتەوە و لە هەمووی ئەو نوسخانەدا هاتووە!

هەروەها بالی خوارەوە لە م دا کە بە دوو جۆر لە دوو لاوە هاتووە:

ئیمشەو وە هەر حاڵ شەو وە ڕۆ بەروون
ئەی خوا سا مەرگێ سەحەر چێش

لـه كۆتـایی هەڵبەسـتی «ئیمشـەو دیـارەن بـانگم بـێ شـەرمەن» هـاتووە كـە لـە كۆتـایی هەڵبەسـتی «دڵـەی خـەم خـەیاڵ جـۆش ئـاوەردەوە» هاتووەتەوە كە دەوێدا:

ئیمشەو وە هەر حاڵ شەو وە ڕۆ بەروون
ئـەی خـوا سـا مـەرگ سـەحەر چێش ــــ

یـا، سـەربەخۆ و بەنـدیوار هـاتنی چەنـد باڵـێک کـە بـە «شـنەفتم گیـانم بـاڵا تـووڵ نـەی» دەسـت پـێ دەکـا ـ لـە نوسـخەکەی مامۆسـتا مەلاکەریم و پێداچوونەوەی کاک حەسەن گۆڕاندا.

هــەروەها، وەک یــەک هــاتنی هەنــدێک بــاڵ لــە بــڕێک لــە نوسخەکاندا دەتوانین لەم دەستەیەش بزانین:

دەورێ دەر وە بــــەزم وە پیاڵـــەوە
ژەنــگ دڵ وە زاخ مــەی بماڵــەوە

لــە شــیعری «ئایینــەی کــامڵ ئازیزەکــەی فــەرد» کــە لــە جێیــەکی جیاوازی دیکەدا «ئارەزووی ئازیز وەنەم سەرداوە» هاتووە:

دەورێ دەر وە نـــاز وە پیاڵـــەوە
ژەنـگ دڵ وە جـام مــەی بماڵــەوە

یا باڵی دەسپێکی هەڵبەستی خوارەوە:

تەن وە ئێش دەرد، زامەتان خەسـتەن
فەلەک وە زەنجیر پای ئامام بەسـتەن

لەگەڵ:

ئازیز تەن وە ئێش، زامەتان خەسـتەن
مەینەت پای ئامام وە زەنجیر بەستەن

هەروەها باڵی:

هەر وە زۆر مەندەن نیم نەفەس بـاقی
وادەی دەورتـەن هانـا هـەی سـاقی

دیسـان لـە هەڵبەسـتی «ئـارەزووی ئـازیز وەنـەم سـەرداوە» لەگـەڵ ئـەم باڵـەی هەڵبەسـتەی «ئـەمجار سـەخت تـەرەن زامـم جـە جـاران» بـە پێـی نوسخەکەی مامۆستا مەلاکەریم:

هەر وە زۆر مەندەن نیم نەفەس بـاقی

پـڕ کـەر جامەکـەت دەخـیلم سـاقی

لـە مـەڕ هـەم هاتنـەوە و دووبـارە هـاوردنی هەڵبەسـت یـا چەنـد بـاڵ کـە کـەم تـا کـورت لـە هەنـدێک نوسـخەدا دەبینرێتـەوە، ئـەم خاڵـەیەش گرنگـە کـە لـە بـیر نـەکرێ کـە لـە نوسـخەیەکی وەک ش دا، جـاری وا هەیـە کـە جیـاوازی لـە نێـوان هەڵبەسـتەکان یـەکجار بـەرچاوە و تەنانـەت لـە پێکهاتەیانـدا ئـەم دیاردەیـە دەردەکـەوێ. بـۆ نموونـە، هەڵبەسـتی یەکـەمی «خـۆ هوونیـت نـەبیم چەواشـەی چەپگـەرد» و «نامەکـەت پـەی چێش پـەرێ دەوای دەرد» لـە ش دا کـە لـە زۆرێـک لـە باڵـەکاندا هاوبەشـن بـەلام جیاوازیشـن لـە گـەڵ یـەکتردا. یـا چوارینـەی «وەی مـن پـەی سـەفای یـاران هامـدەم» کـە لـە نوسـخە ئامادەکراوەکـەی مامۆسـتا مەلاکەریمـدا هـاتووە، لـە لایێکـی دیکـەوە ئـەم هەڵبەسـتە بـە باڵـێکی دی لـە سـەرەتاوە، واتـا: «دڵ یەنـد وە ئـایر دووری تۆ تاوان» دەیهێنێ.

٣. هـاتنی هەنـدێک شـیعری جـێ گومـان کـە لـە دیـوان و هەڵبەسـتی شاعیرانی دیکەشدا هاتوون؛ بۆ نموونە:

- لـە لاپـەڕەی ٤٣٠ کتـێبی مێـژووی وێـژەی کـوردی، «سـدیق بۆرەکـەیی» (یـا ٤٨٧ ئـەو سـەرچاوە و ٢٦٩ ی ئـەم کتێبـە و ...) پارچـە هەڵبەسـتی خـوارەوە بـە نـاو شـێخ حەسـەنی مـەولاناوا (١٠٧٠-١١٣٦) هێنـراوە کـە زۆربـەیان (٩،٨،٧،٦،٥) بـە شـێوەی پـرژ و بـلاو لـە دیـوانی مەولەویـدا (١٢٢١-١٣٠٠) هـاتوون! پرسـیار لێرەدایـە، ئایـا ڕێـی پـێ دەچـێ کـە مەولـەوی بـە بـێ هـیچ ئامـاژە و تـەزمینێک لـە شـیعری شـاعیری وا بکـەوێ؟ شـاعیرێ کـە

مەولـەوی بـۆ خـۆی هەڵبەسـتێکی (بولـبول گولشـەن بـێ نـام و نـەنگی) لـە یـادی دانابـێ و زۆرتـر لـە سـەدەونیوێک لـە پێشـیدا ژیابێ!

١ دایم خەیاڵــــم فکــــر دەروونــــەن
جـە فکـر دووریـت دڵ پـڕ جـە هوونـەن
٢ تــک تــک مــەتکیۆ زووخ نــە زامــانم
چوون جەیحوون جەم بی نە پـای دامـانم
٣ خــەو و خــۆراکم شــین و زاریــەن
مــەتای مایەکــەم بــێ قەراریــەن
٤ گــڕەی نــار عەشــق بڵێســەی دووری
مەسـووچنا تـەناف خەیمـەی سـەبووری
٥ ئــارەزووی دیــدار یــارانم کــەردەن
هــەوای ســەیرانم وە دڵ ئــاوردەن
٦ بەڵام چێش کـەروون گـەردش چەپگـەرد
دووری وە مابــەین مــن و تــۆ ئــاوەرد
٧ کــار گەردوونــەن ئــازیز گیــان تــۆ
وەر نە مـن جـە کـۆ دووری تـۆ جـە کـۆ
٨ دەروونم دایم جــە هــوون کــەیل تــۆن
حــەیاتم وە شــەوق هــەوای مــەیل تــۆن
٩ ســاتێ وە ساڵــێ جــە لام ویــەردەن
فـەراوان خـەیلێ تاسـەی تـۆم کـەردەن

یـا ئـەو باڵـەی کـە لـە کۆتایـەکانی دوو هەڵبەسـتی «ئارەزوومەنـدیم جـە حـەد ویـەردەن» و «نمانـای بەهەشـت پێشـانیی نـووری»دا هـاتووە و بـە ڕیز بە شێوەی:

.. ئیســە کــێ تاقــەت دووریــی تــۆ دارۆ

دەک بـــەرق غـــەزەب وە جەســـەم وارۆ

.. ئـــەمجار کــێ تاقــەت دووریـــی تــۆ دارۆ

دەک بـــەرق غـــەزەب وە جەســـەم وارۆ

دێــت و هـــەر دوو، لـــە نوســـخەی مامۆســـتا مـــەلا کەریمـــدا هـــاتوون، دووپـات بووەتـەوە. ئەڵـبەتە لـەم باڵـەدا هاونشـینی نـامۆی /بـەرق/ یـا گـــرۆی /بـــەرق غـــەزەب/ و کـــاری /واریـــن/ و بـــەکارهێنانی لـــەم چەشـــنەیە (مـــەجازی) لـــە دیـــوانی مەولەویـــدا جـــێ پێـــی نییـــە و هـــەر ئەمـەش بـەرەو ئـەوەمان دەبـا کـە ئـەم شیعرە بـە هـی خاڵـۆی کۆماسـی بـزانین کـە ئـەویش لـە سـێ هەڵبەسـتی جیـاوازی «پـەی چـێش نەشـۆ جـێش، ... »، «چـراغم جـەی ڕۆ، ... » کـە لـەم دواییـەدا «دەک بـەرقی غـــەزەب وە بـــەختم وارۆ» و «قیبلـــەم گرفتـــار، ... » دا هـــاتووە و بـــە شێوەی خوارەوە هێناویەتی:

ئیســتە کــێ تاقــەت دووریــی تــۆ دارۆ

دەک بــەرقی غــەزەب وە بــەختم وارۆ

٤. لـە گـۆڕانی دەسانقەسـەوە تـا گـۆڕانی ناچـاری بـە هـۆی نەخۆنرانـەوەی دەســـخەتەکان کـــە دەتوانـــێ بەرهـــەمی خـــراپ خوێندنـــەوە، خـــراپ نووســـین، هەڵـــە دیـــتن و هەڵـــە بیســـتن و ... نویســـکاران بـــێ. نموونـــەی ئـــەم لایەنـــە یـــەکجار زۆرە و لەبەریـــەکنانی نوســـخەکان باشـــترین بەڵـگەیە بـۆ سـەلمانی ئـەم دیاردەیـە. ئەگـەر لێـرەدا وەک نموونەیـەک تـەنیا ئامـاژە بـەو گۆڕانـە بکـەین کـە بـە سـەر گـرۆ یـا نیوباڵـی «بشـەر گیـان نـەدەر» لـە باڵـی خـوارەوەدا سـەر بـە هەڵبەسـتی «دڵـە دیـارەن بـێ قـەرارەنی» هـاتووە، دەبینینـەوە کـە بـە پێـی هـەرکام لـە نوسـخەکان گـۆڕاوە و بـە شـێوەی: «وەسـەن کافیـەن» لـە ق، «بشـێ گیـان نـە دوڕ» گ، «حەیفت هەر ئێدەن» ش و «پەشەی گیان نەدەر» ع، هاتووە!

ئەر سەد دەوڵەتمەند جـە خەدەنگـەنی

بشـەر گیـان نـەدەر دڵ جـە سـەنگەنی

هەروەها هەندێک لەو نوسخانە کە بەختی تۆمار بوونیان هەبووە، هەڵبەستی دووپاتە و بیانیان کە سەر بە شاعیر نین تێیدا دەبیندرێتەوە. بۆ نموونە: مامۆستا مەلاکەریم کە لە مەولەویەکەدا زۆرتر ڕەوشی ئیجتیهادی و تا ڕادەیەک قیاسی لە بەر گرتووە شیعری «هیچ کەس نەواچۆ وە فەرهاد ڕەندەن» کە بە شیعری خانای قوبادی دەناسرێ، لە کۆتایی پارچەی «گێج ئالانی ها بە دۆشەوە» بڕیوەتەوە و بە سەربەخۆی زانیوە!

٥. کۆ و کەرت بوونی هەڵبەستەکان بە پێی هەرکام لە نوسخەکان کە بە چەشنێک کەم و زۆر بوونی باڵ و هەڵبەستەکانیش دەگرێتەوە. ئەم دیاردەیە بە چەشنێکە کە هەندێک هەڵبەست لە نوسخەیەکدا دەبنە چەندین هەڵبەستی سەربەخۆ لە نوسخەیەکی دیکەدا؛ بۆ نموونە، سەیری هەڵبەستی «شووراى عاشوورا دیسان بەزمش بەست» یا «بیناوی دیدەم ئەتۆ سلامەت» لەم نوسخەیە و نوسخەی ق بکەین کە لە نوسخەکەی مامۆستا مەلا کەریمدا بوەتە سێ هەڵبەستی سەربەخۆ.

٦. ڕیزی باڵەکان لە هەڵبەستەکاندا. نوسخەجۆراوجۆرەکان کە ئەم دیاردەیەش بە دیار دێنن و جیاوازیەکان ئاشکرا دەکەن، جێی باڵەکان لە هەڵبەستەکاندا بە پێی بەرنوێنێک دەستنیشان ناکەن بە چەشنێک کە باڵ، یا باڵە سەرەتایەکانی هەڵبەستێک لە نووسخەیەکدا دەبنە باڵەکانی کۆتایی هەمان هەڵبەست لە نوسخەیەکی دیکەدا. نموونەی ئەم جیاوازییە بڕوانە ژێرنووسی هەڵبەستی «ئازیز کام هوون بێ دیدەم پێ نەڕەشت» لەم کتێبەدا.

٧. ڕیز و بە شوێن یەک هاتنی هەڵبەستەکان بە پێی هەر یەک لە نوسخەکان. هەرچەندە لە نێوان هەندێک لە نوسخەکاندا لەم بارەوە وەک یەکی دەبیندرێتەوە بەڵام ئەم هاوچەشنیە بە چەشنێک نییە کە جیاوازیەکان بشارێتەوە؛ لە ڕاستیدا هیچکام لە نوسخەکان دەسپێکێکی وەک یەکیان نییە چ بگا بەوەی کە ڕیزبەندییەکیان

هـــەبێ. بـــۆ نموونـــە، دەســـپێکی ئـــەو نوســـخانەی کـــە لـــەم دیوانـــەدا کەڵکیان لێ وەرگیراوە ئەم هەڵبەستانەن:

ئا) «ئاینەی کامڵ ئازیزەکەی فەرد» لە نوسخەی پایە.

ب) «ئیمشەو تەنیا بی جەستەی زەبوونم» نوسخەی م.

پ) «ئاخ پەی خەڵوەتێ بدیام وە بێ خەم» نوسخەی گ.

ت) «ئاهووی خوتەن بێز نە ئێلاخ پەروەر» نوسخەی ق.

ج) «خۆ هووونیت نەبیم چەواشەی چەپگەرد» نوسخەی ش.

چ) «زیای دڵ نامەت وە لای دڵ ڕیشان» نوسخەی ع.

٨ ئـــەو هەڵبەســـتانەی کـــە تـــەنیا لـــە نوســـخەیەکدا هـــاتوون و بەســـتنەوە و پەیوەنـــد دانیـــان بـــە شـــاعیر ســـەرنجی زۆرتـــر هەڵـــدەگرێ. بـــۆ نموونـــە، باڵـــی خـــوارەوە کـــە لـــە هەڵبەســـتی «ئـــاهووی خوتـــەن بێـــز نـــە ئـــێلاخ پـــەروەر» کـــە یەکـــەمین هەڵبەســـت لـــە نوســـخەی ق دایـــە و بـــەس دە وێشدا هاتووە، جێی سەرنجە:

ســـەرخێڵ دەلیـــل شـــای دیدەمەســـتان

قیبلەگا و مەقسەد شەهوەت پەرەستان

لـــەم باڵـــەدا «ئـــاهوو» "ئاســـک" بـــە پێچەوانـــەی مانـــا دێرانەکـــەی، لـــە سەرتاســـەری دیوانەکـــەدا، بـــاری مانـــایی دڵـــنەخوازی گرتـــووە و بـــە «قیبلـــەگا» و «مەقســـەد»ی «شـــەهوەت پەرەســـتان» کـــە دەســـتەواژەیەکی نـــامۆ بـــۆ ئێرەیـــە، هـــاتووە. هەرچەنـــدە «ئـــاهوو» لێـــرەدا (بـــە مـــەجاز) بـــە گشـــتی دەتوانـــێ دنیـــا و ئـــەوەی تێـــدا بـــێ، بـــەلام لـــە ڕوانینێکـــی قیاســـییەوە «ئـــاهوو» لـــە قامووســـی هـــزری مەولەویـــدا بـــاری مانـــایی دڵـــخوازی هەیـــە؛ کەواتـــە، ئـــەم چەشـــنە ڕوانینانـــە دەتـــوانن ڕێگەخۆشـــکەرێک بـــن بـــۆ بـــەدواداچوونی لـــە مـــەڕ بـــوون یـــا نـــەبوونی دەســـتەواژەی ئاوەهـــا لـــە نوســـخەکانی دیکـــەدا، کـــە نوســـخەکان لـــەم بـــوارەوە گەلـــەک بـــە کەڵـــکن؛ بـــەلام، خاڵـــی گرنـــگ لێرەدایـــە کاتێـــک کـــە دەبینینـــەوە ئـــەم هەڵبەســـتە، هەڵبەســـتی دەســـپێک و ســـەرەتا لـــە نوســـخەیەکە! ئیـــدی وەهـــا گومانێک ناشێ ڕەوا بێ.

## چەند ئاگەدارییەک لە مەڕ نوسخەکانەوە

لــەوەتی کــە ڕەحمــەتی مامۆســتا مــەلا کــەریم، لــە بەشــی پێشــەکی و نــاوەوەی دیوانــە مەولەویەکەیــدا نــاو و نیشــانی چەنــد نوســخەی دیکــەی لــە مەولــەوی هێنــاوە، بــە داخــەوە تــا ئێستا، هــەر بــە نەناســراوی ماونەتــەوە و بــەری دەرکــەوتنیان لــێ گــیراوە. ئێمــە ئەمــڕۆ کــە بــە ناهومێدییــەوە لــە بــە ســەرهات و چارەنووســی ئــەو ســامانە هەموانییــەوە دەنــوارین دەزانــین کــە زۆرێــک لەوانــە بــە هــۆی خەمســاری کۆمــەڵ و خۆگوشینی خێویانــەوە، ئیــدی لەوانەیــە جگــە لــە ناوێــک، ناوانێکیشیان بــۆ نەمابێتــەوە و لــە کەڵــک کــەوتبن؛ بــەڵام چــار چییــە؟ تــەنیا ناوبردنیــان لێــرەدا وەک کــەمترین کــار و دڵخۆشــکەرەیەک دەتوانــێ هەبێ. ئەم نوسخانە بەو ناوانەی خوارەوە دەناسرێن:

١. نوسخەی بەگزادە جافەکانی کەلار؛
٢. نوسخەی منالەکانی شێخ ڕەسوولی گومەتەی قەرەداغ؛
٣. نوسخەی شێخانی شاقەلا (سەرشیوی سەقز)؛
٤. نوسخەی سەیدەکانی لۆن؛
٥. نوسخەی سەیدەکانی باینچۆ؛
٦. نوسخەکەی مەلا خالیدی ڕەباتی؛
٧. نوسخەکەی مەحموودپاشا؛

هــەروەها، مامۆســتا مــۆدەڕیس ســەرەڕای ئــەوەی کــە نێــوی نوســخەیەک دێنیــێ کــە گۆیــا ٣٠-٤٠ ســاڵ بــەر لــە ئامــادە کــردنی دیوانەکــە بــۆ خــۆی نووســیویەتەوە، نێوی هەنــدێک لــە کەســان دێــنی کــە گۆیــا لــە کۆکردنــەوەی دیوانەکــەدا یارمــەتیان داوە و هــەرکام دیــوانی دەســتنووس، یــان کۆمەڵــێک لە هەڵبەستەکانی مەولەوییان لە لا بووە و ئەوانەش:

١. سەید تاهیری هاشمی دەوڵەت ئاوا؛
٢. حەسەن فەهمی بەگی جاف؛
٣. حاجی حەیدەری کوڕەزای مەحموودی یاروەیس؛
٤. شێخ ئەحمەدی شێخ سدیقی نێرگسەجاڕ؛
٥. مەلاکەریمی دەڵەمەری؛

٦. مەلا کەریمی گوڵپی؛
٧. فەقێ ڕەشیدی هەمەوەند؛

بە داخەوە مامۆستا مەلاکەریم لەو دیوانەی لە چاپی داوە هیچ چەشنە ئاماژەیەک بە نوسخەی ئەسڵی یا بەدەڵ بوونی ئەوانە و تانەنەت ئەوەی کە کەڵکی لێ وەرگرتووە نەکردووە و جگە لە لابەلا نەبێ و ئەویش بە هێنانی دەستەواژەی «هەندێ نوسخە» یا «هەندێ نوسخەی تردا»، دەتوانین بێژین کە بۆ ڕاستکردنەوەی دیوانەکەی ڕەوشێکی ئیجتیهادی لە پێش گرتووە و ئاوڕی لە ناساندن و نیشاندانی نوسخەکان نەداوەتەوە.

کاک حەکیمی مەلا ساڵەحیش لەم پەیوەندییەدا، نێوی هەندێک نوسخە و دەستنووس لەبارەی مەولەویەوە دەهێنێ کە ئەمانەی خوارەوەن:

١. نوسخەی دۆلاوی؛
٢. نوسخەی میراس؛
٣. نوسخەی شەهاب؛
٤. نوسخەی شەوکەتیاریان؛
٥. نوسخەی مەحزوون؛

هەمتر هەندێک نوسخەی دیکە وەک:

١. نوسخەی لە بەردەستی محەمەد عەلی قەرەداغی؛[1]
٢. نوسخەی مامۆستا ئەهوەن؛
٣. نوسخەی شێخ جافری سەید سادەق؛
٤. نوسخەی زانستگای تاران

و ... بەشێک لەوانەن. بێ گومان ئەوانەی ژوورەوە تەنیا هەمووی نوسخەکان نین و دەیان نوسخە ئەسڵ و بەدەڵی دیکە هەن کە لە کۆ کردنەوە و ڕاست کردنەوەی دیوانی مەولەویدا دەتوانن دەورێکی یەکجار کارا بگێڕن. هەر چۆنێک بێ، ئێستا ئێمەش لەو ڕاستایەدا و بە دووی دەست دان و ناساندنی کۆی نوسخەکان و بەرانبەر کردنەوە لەگەڵ یەکتردا، ئەم بەرگە لەم کۆمەڵەمان تایبەت کردووە بە

---


١. لە هەڵبەستە بلاونەکراوەکانی ئەم نوسخەیە کە لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بەرگی شەشەم ١٩٧٨ دا بلاو بوەتەوە، لەم دیوانەدا کەڵک وەرگیراوە و بە ناو ع نیشانی بۆ دانراوە.

٩ ڕەزام وە تەقدیر دڵ دام وە ڕەزات
تەن کەردەن[١] سوپەر[٢] تیرەکەی قەزات
١٠ وە بەرد هاوێر[٣] وەسڵەکەی جاران
ئاما و لواکەی سەبا و ئێواران
١١ ئیستە[٤] پێچ وەردم چوون[٥] مار کوشتە
مقرچۆ[٦] وێنەی دانەی برێشتە
١٢ سەرسەڕ هیجران هۆرکەردم[٧] پەی دڵ
هەر تۆزم بەردەن مەنزڵ وە مەنزڵ
١٣ جە دووری باڵات ناڵەناڵەمەن
ئاماوناماکەم ئەڵلا و ئاڵەمەن


---

١. «کەردم» گ.
٢. «سپەر» گ.
٣. «ویەردەن فەسڵ» گ.
٤. «ئێستە» گ.
٥. «چون» م.
٦. «مەقرچۆ» گ.
٧. «هۆرکەردەن» گ.


# چەند وێنەیەک لە نوسخەکان




وێنەیەک (هەڵبەستی یەکەم) لە نوسخەی پایە (نۆتشە)




وێنەیەک لە نوسخەی پایە(نۆتشە)




وێنەیەک لە نوسخەی پایە (نۆتشە)




وێنەیەک لە نوسخەی ش



وێنەیەک (هەڵبەستی یەکەم) لە نوسخەی **ق**



وێنەیەک لە نوسخەی ق



وێنەیەک (هەڵبەستی کۆتایی) لە نوسخەی **ق**

# پێڕست


| | |
|---|---|
| دەسپێک | ٦ |
| ئاینەی کامڵ ئازیزەکەی فەرد | ٤٩ |
| ڕەمەزان تولووع سوبح شادیشەن | ٥٠ |
| نامەکەت یاوا کۆسم کەوتەوە | ٥٢ |
| دڵ تەم کەرد کەم کەم گرتەوە کاوان | ٥٣ |
| بنچینەی شادیت جە بێخ بەر ئاوەرد | ٥٦ |
| تەرسوون ئەر بەدەن ڕەقیب دڵ سەرد | ٥٨ |
| نەوای ناڵەی دڵ وێنەی سەدای نەی | ٥٩ |
| هەناسەی سەردم نە دڵ خێزاوە | ٦٠ |
| ئازیزم گەردەن بلووری بێ گەرد | ٦١ |
| تەسکین دڵەی پەڕ جە خارەکەم | ٦٢ |
| نەمەندەن تاقەت فەردان کەردەنم | ٦٣ |
| نەوای کەژاوەی لەیلێ نازانەن | ٦٤ |
| هانا ها ویەرد، هانا ها ویەرد | ٦٧ |
| کام تیر بێ فەڵەک نەدات نە دەروون | ٧٢ |
| مامۆسای سەر ئێل شیرین کەلامان | ٧٤ |
| هەی نیزام نە زام نامەت تۆ لا بەرد | ٧٥ |
| ئیمشەو دیارەن بانگم بێ شەرمەن | ٧٧ |
| ڕۆشنی دیدەم سەرمایەی ژینم | ٧٩ |
| بەتیەی کارخانەی ئوستای بەغدادی | ٨٠ |
| ئیمشەو هەر خەمەن ها نە کەمیندا | ٨١ |
| ها شەماڵ چەند جار ڕاە تەی کەردەنی | ٨٢ |
| ئازیز دیارەن وادەی لوامەن | ٨٦ |
| هامسەران ئامان ئەر مەندەن هۆشم | ٨٩ |
| هەوای زومستان خەمان بەتاڵەن | ٩٣ |
| ئازیز تەن وە ئێش زامەتان خەستەن | ٩٥ |
| تەن وە ئێش دەرد زامەتان خەستەن | ٩٧ |
| دیدەم نەو نەمام نەوتووڵ ساوا | ٩٨ |
| تەژنەی گیان وە لەب سەودای سەبووری | ٩٩ |
| جیلوەی جەلای جام دڵەی پوڕ جە دەرد | ١٠٢ |
| جە من تا دووری ئەر سەد فرسەنگ بۆ | ١٠٤ |
| ها تەن ئەلویدای زیندەگانیش کەرد | ١٠٧ |
| دڵە دیارەن بێ قەرارەنی | ١٠٩ |
| چەمان هەم قامەت کەیفم خەمبارەن | ١١٠ |
| هەر چەنی ناکاو دەروونم تەم بی | ١١١ |
| من پێسەم زانا تۆ پەڕ مەیلەنی | ١١٤ |
| دڵ یەند وە ئاهر دووری تۆ تاوان | ١١٧ |
| شادی گەرد غەم چۆن نەدۆ وە باد | ١١٨ |
| چوون وەڵگ شادیی من بای دووریی لەیل | ١١٩ |
| بەزمی هام فەردان یار مۆبەت کێش | ١٢٤ |
| وەهارەن تەشریف خاڵ خاسان پەی هەرد | ١٢٦ |
| دڵە وادەی سوبح نەو وەهارانەن | ١٢٧ |
| دڵ پەروەردەی نەفس گوناە ئاوەردە | ١٢٨ |
| وەی من دیارەن پەنجەی تارمەن | ١٣٠ |
| فەسڵ نەو پایز تازە کەردەن مەیل | ١٣٣ |
| لوقمەکەی ماساو دەریای قووڵ مەیل | ١٣٥ |
| جۆش کوورەی مەیل دڵ ستانیەن | ١٣٧ |
| ئەیاز هامڕاز ناڵەی داخ و دوود | ١٣٩ |
| زووسانەن ئەی ڕەنگ وە گەردوون یاوان | ١٤١ |
| دڵە ڕاگەکە خەیلێ تاریکەن | ١٤٣ |
| زیلەی تەڵمیت بار کۆچ نەوهالان | ١٤٦ |
| سەد پەرێم دایم خەم بەستەن کەڵەک | ١٤٩ |
| سەد دووری چوون دڵ مەعدوومی دڵتەنگ | ١٥١ |
| دەرمان زامان دەردەکەی کاریم | ١٥٢ |
| پێشانیم هەوەس زانوو جازمەن | ١٥٤ |
| بولبول گولشەن بێ نام و نەنگی | ١٥٦ |
| دەرد وە بان دەرد زامێم کول کاری | ١٥٨ |
| نەی گەهوارەی دەور تای دەسرازەی خەم | ١٦٠ |

| | |
|---|---|
| هەر ئەو دەورەن چەرخ تا ئاوەرد و بەرد | ١٦٢ |
| منارەی سەدای سەلاش سەد تەرزەن | ١٦٤ |
| سەدای های هیلال هام فەردان مەیۆ | ١٦٦ |
| دلە یەند مەستیت جەم بی نە سەردا | ١٦٨ |
| ئازیزم ئامای ئای بێ قەراریم | ١٧٠ |
| دڵ دیار نیەن هەی نەکەردە بۆ | ١٧٢ |
| وەهارەن سوبدەم سەوزەی دیاران | ١٧٤ |
| های ساقی هالای سەرمایەی خامی | ١٧٦ |
| ئەحیان بوو سا ئەر نەشوون وە مەردەن | ١٧٧ |
| نازک تەدارەک فەسڵ وەهارەن | ١٨٠ |
| بەرزان هیلال تار وەروان قەراردا | ١٨١ |
| دەرویش ئەهل خەم هەر یەندە جەم بۆ | ١٨٤ |
| نەسیم مەحرەم مابەین یاران | ١٨٥ |
| تاسیر خەیاڵ کەردەی من سەردا | ١٨٨ |
| وەفای چەرخ چەپ ڕاس بێ تان و پۆن | ١٩٠ |
| دلە خەمگینەن پێشانیی شەوقت | ١٩٢ |
| نامەکەت پەی چێش پەرێ دەوای دەرد | ١٩٤ |
| خۆ هوونیت نەبیم چەواشەی چەپگەرد | ١٩٧ |
| جەستە خەستەی خار سەودایی خەجڵ | ٢٠١ |
| وێش نمەوینۆ ئازیز خەمینت | ٢٠٢ |
| ساقی دەس چەرخ هەم ها نە کاردا | ٢٠٣ |
| ئازیزم جە وێم بێزارم کەردەن | ٢٠٤ |
| پەشێو وێنەی وێم نیشتەبێم خەجڵ | ٢٠٥ |
| چوون چیهرەی خەیاڵ ڕوخسارەکەی وێش | ٢٠٩ |
| وە خیلافەوەن یاران سەرمەس | ٢١٠ |
| هەی هوو های چەندەن نامان خەبەرێ | ٢١٤ |
| دڵ یەند وە ئایر دووری تۆ تاوان | ٢١٦ |
| شێخ دەولەتمەند بەهرەی سەرمەدی | ٢١٧ |
| نەواتم عەرعەر سەهەند پەروەردە | ٢٢٢ |
| شیفای ئێش زام مەینەتان سەخت | ٢٢٣ |
| بێ شەرت و شۆنیت جە حەد ئەو دەرەن | ٢٢٥ |
| ئازیز هیجرانت یەند زۆر ئاوەردەن | ٢٢٦ |
| یار وەفادار شەرت و بەین بێ شۆ | ٢٢٩ |
| مایەی بێ مەیلیت بشارانەوە | ٢٢٩ |
| ئەی ڕۆشنی چەم تا کەی تەشریف بەر | ٢٣٠ |
| وەش ئامای هەی پەیک لای قەبیلەی لەیل | ٢٣٢ |
| دڵ نالان نیەن، نالان پەی تیرەن | ٢٣٤ |
| گۆشەی ئاتەشخان دڵەی پوڕ جە ئێش | ٢٣٦ |
| تۆپلاخە دووکەڵ هیجران دڵبەر | ٢٣٧ |
| شەماڵ دارانەن، شەماڵ دارانەن | ٢٣٨ |
| نەتیجەی پاکان نەتیجەی پاکان | ٢٤٠ |
| ڕیازەت کێشان ڕیازەت کێشان | ٢٤٢ |
| تەختەی مۆبەت تاش نەجار دڵتەنگ | ٢٤٣ |
| قوربان قوربانەن جەژنەن شادیەن | ٢٤٥ |
| شەماڵ داخان شەماڵ داخان | ٢٤٧ |
| لوای بینایی دیدەی دەروێشان | ٢٥٠ |
| پەشێوی وە نەزم لۆلۆی ئەسرین دا | ٢٥٤ |
| ئەر سەد نامەت نەقش تۆ زەمیرمەن | ٢٥٥ |
| پۆی خەیاتەی فەرد بۆ عەنبەرینت | ٢٥٦ |
| تا جە داخی تاق جفت خەمەنان | ٢٥٨ |
| کام ساران سەد ڕەنگ نوور پێدا وەشتەن | ٢٥٩ |
| دلە ها یاران بەرشین جەی زامن | ٢٦١ |
| ئیمشەو دیارەن دەردم کاریەن | ٢٦٢ |
| ئەر گیان کێشانیچ چوون مەهجووریت بۆ | ٢٦٦ |
| چێشەن پەشێویم، ماتەمی دڵەن | ٢٦٧ |
| گەردگار چەرخەن چەرخش چەمەر بۆ | ٢٧١ |
| زرنگەی سەر پارچەی بەرمووره و چەناخ | ٢٧١ |
| پای شادیم دیسان ماران گەستەوە | ٢٧٢ |

هام دەمان پەی بەزم شادیت جەم بیەن ٢٧٤
ئاخ چ ئاخ چراخ پەرێ ئاخدارێ ٢٧٦
دڵە تەبخاڵەت وە لێو مەوینوون ٢٧٧
سەدای های هیلال ڕۆزە دارانەن ٢٧٩
ڕای جەعفەرئاباد گەرمی سارای مەیل ٢٨١
تۆ سەر وەش بەو سەیر سەفا بەختەوە ٢٨٤
مامۆسای شیرین شۆخ دیدە مەست ٢٨٥
خەرامان ئامای نە تۆی پەردەوە ٢٨٦
خاڵۆ چوون تەدبیر دەرد زانات نەوی ٢٨٧
شوورای عاشوورا دیسان بەزمش بەست ٢٨٨
ئەی گشت مەوجوودێ جە تۆ گرت مایە ٢٩١
جە گیان سێروەردە جە تەن هەراسان ٢٩٣
ئەڵماس ناوک مەودای حەجەر سم ٢٩٦
نامەی نەفتینت یەک ڕۆ باد ئاوەرد ٢٩٧
نە تەن یادەکەی ئەو شیرین کەردەن ٣٠٢
دیدەی سەر تارەن دیدەی دڵ کافین ٣٠٢
نەهات و نەهات دڵ ماتەن ئیمشەو ٣٠٣
ئازیز کام هوون بێ دیدەم پێ نەڕەشت ٣٠٥
ئارەزووی ئازیز وەنەم سەرداوە ٣٠٧
زیای دڵ نامەت وە لای دەروێشان ٣٠٩
تاق خانەقای دڵ پوڕ نە زەلزەلەن ٣١٠
حوققەی خەزێنەی تەجەللای زاتی ٣١١
سیم قەڵب قەلب جۆش کوورەی حاڵ ٣١٢
ئازیز فیراقت دڵ کەردەن وە هوون ٣١٤
سەرمەودای قەڵەم حەکاکەکەی عەشق ٣١٦
تاقەت نە کانوون عەمیق جگەر ٣١٧
بڵێسەی دەروون نە سینەم خێزان ٣١٩
گەرمی دەرد قامەت کەردەن وە کاهێ ٣٢٠
یاجووج خەیاڵ گرتەن قەڵای هۆش ٣٢١
لاونامەوە لاونامەوە ٣٢٢
هەتیتەی فیراق تەن کەردەن وە سیم ٣٢٣
چەرخ چەپ و ڕاس نە ڕووی تەختەی دەرد ٣٢٤
هەر نە جلاجگەی حەقیقەت ماوا ٣٢٥
مەیۆم جە دەروون مەیۆم جە دەروون ٣٢٦
جەمین ڕەشک جام جەم نمای جەمشید ٣٢٧
خورشیدەکەی بورج مەلاحەت سپێهر ٣٢٩
تلاکەی جەمین قاڵ بووتەی عەشق ٣٣١
ئاینەی زوهوور سیفات غەیبی ٣٣٣
یادم نمەشی جە گردێن حاڵدا ٣٣٤
تای بەڕەزای شەنگ زولفان وەشڕەنگ ٣٣٥
وەختێ چەم نە چەم شێوەت دیار بێ ٣٣٥
نە نازک خەیاڵ ئیسە نە مونشیم ٣٣٥
نامەی بێ مەیلیم خامەت ڕەقەم کەرد ٣٣٦
کزەی چزەی زام گڕپەی گڕەی دڵ ٣٣٧
وەهارەن جۆشان ئاوان جە کاوان ٣٤٠
هامن هامن وار گەرمیش جۆش ئاوەرد ٣٤٢
چەرخە یە تۆنی ئەی کارە کەردی ٣٤٤
سەر ساوام وە چەم ئەو پالای بێ گەرد ٣٤٦
هیجرانت جە تەرح باد وەیشوومی ٣٤٨
خولاسەی کەلام نوور دیدەی دڵ ٣٤٨
داخۆم چەند وە دەس نازک نەوهاڵان ٣٤٨
بیناوی دیدەم ئەتۆ سلامەت ٣٤٩
نوسخەکان ٣٥٥
نوسخەی یەکەم (ق) ٣٥٧
ئاهووی خوتەن بێز نە ئێلاخ پەروەر ٣٥٩
دیسان سەرکاوان جە نۆ گرتەن تەم ٣٦١
ئەدای پەشێوی حالات جەستەم ٣٦٣
مدرا وەراوەر وە ڕاگوزەردا ٣٦٣

نمانای بەهەشت پێشانی نووری ٣٦٤
سەردار زومرەی مسیبەت کێشان ٣٦٦
ئازیز تای ڕشتەی دڵەی خەم بێ شۆ ٣٧٠
وەختەن پیاڵەی دڵەی پوڕ جە دەرد ٣٧١
ئیمشەو پەشێویم جە حەد ویەردەن ٣٧٢
مەرگت دیوەلوول خەمان دیونان ٣٧٤
خامەی سەرئاویز نە چای سیاهی ٣٧٦
های چەند سەر چەنگ چەرخ چەپ وەردم ٣٧٨
وەسەن ئەی مەخسەل دەور دیدە ... ٣٨١
گۆیا خەلاسیت وە دڵ ئاوەردەن ٣٨١
شەست پەڕ سەد زبان وە ڕووی زەردەوە ٣٨٢
جۆرابێ چوون من زامان نەسرەفتە ٣٨٢
ها ڕەقیب ئەو شۆن دیدەم هیجرەت کەرد ٣٨٣
ماتەمی وەهار بێ شەوقی نەوگوڵ ٣٨٤
دڵەی دڵ وە مەی مەیل لەیلێ کەیل ٣٨٦
گەردئالوودەن دەور مەزار لەیلێ ٣٩٠
چێش واچۆ مەعدووم خەستەی مەهجووریت ٣٩٢
خەیلێوەن خەریک زاکەی زەحمەتم ٣٩٣
پاتەخت مەحموود دارۆسسەلامەن ٣٩٤
خالۆی تەسکین بەخش دڵەی پڕ گەردم ٣٩٥
نوسخەی دووەم (ش) ٣٩٩
عەرەق چوون شەونم نیشتەن نە ڕووی گوڵ ٤٠١
نوسخەی سێهەم (ع) ٤٠٣
خالۆ ویەردەن خالۆ ویەردەن ٤٠٥
ها زرنگەی زەنگ سەرقەتار مەیۆ ٤٠٧
قوربان چەم چەمش وە تۆ نەکەفتەن ٤٠٩
چەند وێنەیەک لە نوسخەکان ٤١١

له بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی
هەولێر - ٢٠١٣

چاپخانەی حاجی هاشم / هەولێر
0750 445 9848